بریڤ

# پاسکیلی وەزیر



کریستین لاگاردی وەزیری کشتوکال و ماسی فەرەنسی.

شێرزاد هەینی

ئەو وێنەیە لە لاپەرە دەوڵەمەندەکانی تۆری نێتەوە وەرگیراوە، دیارە پاسکیلەکە تازەیەو مارکەکەی نوێیەو ژمارەکەشی بیست و هەشتە، زەمبیلەکەی پێشەوەشی بۆ هەڵگرتنی جانتای دەستی و جانتای پارەو جانتای دۆسیەکان، توندو بەکەڵکە. پاش دەوامیش بۆ بردنەوەی کەلوپەلی پێویستی ماڵەوەش، یەکەمە.! شەوانی شەمموان ئەگەر خاوەنەکی مەبەستی مەستبوون و سەماشی هەبێت، ئەو پاسکیلە بە هەرزانی و بە ئاسانی و بە قانوونی دەیباتەوە شوقەکەی.
پاسکیل سوارەکەش ناوی ( کریستین لاگاردی ) یە. ئەو ژنە زراڤە رووخۆشە وەک لە وێنەکە دیارو روون و ئاشکرایە، لەو دەستە وەزیرانەی لەو دواییەدا لە حکومەتی سارکۆزی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسی، پۆستی وەزارەتی کشتوکال و ماسی پێدراوە، دیارە ئەو پۆستەشی بە خێرو بەرەکەت وەرنەگرتووە، ئەو زووتر وەزیری بازرگانی فەرەنسابووە. ئەو سوار پاسکیلە پاش ئەوەی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، لە کۆشکی ئالیزیا تەواوبووە، بە تەنیا، بێ کاروانی ئوتومبێلی جام رەش، دەچێتەوە شوقەکەی.
ئەو ژنە وەزیرە لە وڵاتێکی کشتوکاڵی دەوڵەمەند، ئەو وڵاتە گەورەیەی لە 22 هەرێم پێکهاتووە،
ئەو وڵاتە گەورەی لە 36568 شارەوانی پێکهاتووە،
ئەو وڵاتەی لە پشت دەریاو ئوقیانووسەکانەوە مولک و دوورەگەشی بەناوکراوە.
ئەو وڵاتەی سامانی ماسیشی لە دەریاو زەریاو کەناڵ و رووبارەکان زۆرو بە لێشاوە،
ئەو وڵاتەی پەنیرو گۆشت و سامانی ئاژەلی مارکە باشی بەرهەمهێناوە.
وەزیرەکە بە پاسکیل لە کۆبوونەوەی کۆشکی ئالیزیا ناو پاریس هاتووتە دەرەوەو کامیرای رۆژنامەنووسان بە پاسکیلەوە، بە فایل و دۆسیەی گرنگەوە، بە تەندروستی باشەوە وێنەیان گرتووە.
کە ئەو وەزیرە وا سادەو هەژارانە وێنەی گیراوە، مانای ئەوە نییە. پارەی زۆر لە کۆبوونەوەی و

کۆنفراسەکان و سەیرانەکان و دانیشتنەکان و فرۆکەی تایبەتی و هوتێلی پێنج شەش ئەستێرە لە هەموو جیهان سەرف ناکات،
مانای ئەوە نییە لە برسانە وا رەق بوویتەوە،
مانای ئەوەش نییە لە نەبوونییەوە سواری پاسکیل دەبێت،
یان بۆ چاوی کامیراو لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکان و شاشەی زێرین سواری پاسکیل بووە،
ئەو وەزیرە بە پاسکیل سواری هاتوچۆ دەکات، لەبەر ئەوە نییە وەک هاوولاتیەکی ئاسایی فەرەنسی ناتوانێت ئوتومبێل بکریت، یان مۆلەتی لێخورینی نییە.
ئەو پاسکیل بەکاردەهێنێت، چونکە ژینگە خۆی خۆشدەوێت،
ئەو دەبێتە نمونەی هاوولاتی ژینگە باش و
تەندروستی باش و سەرمایە باش و
پاشەکەوت باش و
وەزیری باش و
حکومەتی باش و
ژنی باش و
دایکی باش و
مامۆستای باش.